# ئافرەتی موسڵمان لە مانگی ڕەمەزاندا

[ بە کوردی ]

# المرأة المسلمة في شهر رمضان

[ باللغة الكوردية ]


نوسینی : پشتیوان سابیر عزیز

الكاتب : بشتيوان صابر عزيز



نوسینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# ئافرەتی موسڵمان لە مانگی ڕەمەزاندا

خوشکی بەڕێزم: وا مانگێکی زۆر پیرۆز بەریوەیە، پێویستە بە دەرونێکی پڕ لە باوەڕەوە پێشوازی لێ بکەیت و هەوڵی ئەوە بدەییت کە کاری چاکەی زۆر تێدا بکەییت، چونکە ئەو مانگە پیرۆزە فەزڵی زۆرە و نابێت مرۆڤی ژیر و دانا کەمتەرخەمی تێیدا بکات، بەڵکو دەبێت هەموو خولەك و چرکەیەکی ئیستغلال بکرێت بۆ پەرستش و بەندایەتی .

وە پێویستە خوشکی موسڵمان هەموو کاتەکانی ئەو مانگە پیرۆزە لە گوێڕایڵی خوای گەورە بەکار بهێنێت، وە نابێت کاری نێو ماڵ وای لێ نەکات نوێژەکانی لەکاتی خۆییدا نەکات و بێ بەشی بکات لە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز و کردنی نوێژە سوننەتەکان. هەروەها با دەرچونی بۆ دەرەوەی ماڵ و سەردانی کەس و کاری بە شەودا وای لێ نەکات کە بێ بەشی بکات لە شەو نوێژ و دوعاو پاڕانەوە.

خۆشکی موسڵمان: جەنابت روناکەرەوەی خێزانەکەتی و مامۆستای منداڵەکانتی، بۆیە پێویستە ببیت بە سەرمەشقێکی جوان ڕێك و پێك بۆیان، وە دەتوانیت وا لە منداڵەکانت بکەییت کە هەست بە گەورەیی مانگی ڕەمەزان بکەن و هانیان بدەییت بۆ رۆژوو بوون و باسی ئەوەیان بۆ بکەییت کە رۆژوو بوون لەو مانگە زرۆ فەزلی هەیە، پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت:((کل عمل بن آدم له إلا الصوم فإنه لي وأنا أجزي به )) رواه البخاري ومسلم

خوشکی بەڕێزم: فەرموو لەگەڵ ئەم چەند خاڵەی خوارەوە، بە هیوای ببێتە مایەی نەخشەیەکی چاك بۆ سوود وەرگرتن لە مانگی ڕەمەزان:

یەکەم: ئافرەت و خوێندنوەی قورئانی پیرۆز:

بێ گومان مانگی ڕەمەزان مانگی قورئانە، بۆیە پێویسە کاتێکی باشی بۆ دیاری بکەییت بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن لێی.

خوشکی موسڵمانم: بزانە کەوا پێشینی چاکی ئەم ئوممەتە ـ ڕەحمەتی خوایان لێ بێت ـ ئەگەر مانگی ڕەمەزان بهاتایە ئەوە وازیان لە وەرگرتنی فەرمودەوە و زانستی شەرعی دەهێنا و خەریکی قورئان خوێندن دەبوون...

دووەم: ئافرەت و بەخشین:

خوشکی بەڕێزم: پارە ببخشە لە ڕێگای خوای گەورە، وە چاوت بە برا و خوشکە موسڵمانە هەژارەکانەو ببێت، وە ئەم فەرمودەیەی پێغەمەبەری خوا صلى الله عليه وسلم بە بیری خۆتی بهێنەوە کە دەفەرموێت:(( يا معشر النساء تصدقن فإني رأيتكن أكثر أهل النار )) رواه البخاري ومسلم.

سییەم: ئافرەت و نزا و پاڕانەو و دوعا کردن:

هەوڵ بدە ئەو دوعایانە ئامادە بکەییت کە لە قورئان و سوننەتەوە هاتوون، وە بزانە کە ڕۆژووان دوعایان وەرگیراوە ، بۆیە دوعا بۆ خۆت و دایك و باوکت و مێردەکەت و منداڵەکانت بکە، وە ئاگادار بە کە دوعا لە منداڵەکانت نەکەییت چونکە دوعای دایك و باوك لە منداڵەکانیان موستەجابە.هەروەها دوعا بۆ برا و خوشکە موسڵمانەکانت بکە.

چوارەم: ئافرەت و سەردانی دایك و باوك و خزمان:

مانگی ڕەمەزان هەلێکی زۆر چاکە بۆ پاککردنەوەی دەرونەکان و پتەو کردنی باری کۆمەڵایەتی، هەوڵ بدە پەیوەندی بکەییت بە خزمەکانتەوە لە ڕێگەی تەلیفونەوە ئەگەر پێت نەکرا سەردانیان بکەییت، بە تایبەت دایك و باوکت.

پێنجەم: ئافرەت و هەستانەوە بۆ شەو نوێژ:

هەوڵ بدە بە رۆژ خۆت زۆر ماندوو نەکەیت، بۆ ئەوەی بتوانیت هەستیت لە شەودا بۆ شەو نوێژ و خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز و دوعا کردن ، وە فەرمودەی پێغەمبەری خوا

صلى الله عليه وسلم به بیری خۆتی بهێنەوە كە دەفەرموێت:((من قام رمضان إيمانًا واحتسابًا غفر له ما تقدم من ذنبه )) رواه البخاري ومسلم.

شەشەم: ئافرەت و نوێژ كردن لە مزگەوت:

ئەگەر بۆت كرا نوێژی تەراویح لە مزگەوت ئەنجام بدە، بەڵام دەبێت ڕەچاوی مەرجەكانی دەرچون بكەییت، وە ئەگەر بۆت نەكرا ئەوە باشتر وایە لە ماڵی خۆت نوێژەكان بكەیت، چونكە ( بيوتهن خير لهن ).

حەوتەم: ئافرەت و ئاشگە(مطبخ ):

خوای گەورە دەفەرموێت:{وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ}(الأعراف: لە ئایەتی31) ، واتە: نابێت زیادەڕەوی بكەیت لە ئامادەكردنی چێشت و جۆرەكانی خواردن، بە شێوەیەك ببێتەمایەی خەرج كردنی پارەیەكی زۆر و فەوتاندنی كات، وە هەوڵ بدە لەكاتی دروست كردنی چێشت گوێ لە قورئانی پیرۆز بگریت.

خوشكی موسڵمان: داواكارم كەوا ئەم ڕەمەزانەی ئەمساڵ جیاوازێكی هەبێت لە ڕەمەزانەكانی تر و بتوانە گۆرانكاری بەسەر خۆتا بهێنیت.

لە كۆتاییدا داواكارم لە خوای گەورە رۆژ و شەو نوێژو كردەوە چاكەكانمان لێ قەبوڵ بكات.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين